## پاشکۆی 4

## شێوازی پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

دیقەتی جیاوازییەکانی نێوان (شێوازی پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز) و (ڕێگای ڕاستی پەسەندکراو بۆ ئەنجامدانی خەڵوەتی روحی).

ئامانج لە خوێندنی کتێبی پیرۆز وەکو گروپ بەیەکەوە ئەوەیە، ئەندامانی گروپەکە بەیەکەوە گەشە بکەن لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عیسای مەسیحدا و لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتردا. هەروەها ڕێگایەکە بۆ ئەوەی ئەندامان یارمەتی یەکتر بدەن لە زانین و تێگەیشتنی کتێبی پیرۆز و فێریان دەکات لە ئەنجامدانی ئەو ڕاستییانە لە ژیانیان. بۆیە، گرنگە ئەندامانی گروپەکە هانی یەکتر بدەن لەبەشداری کردن لە گفتوگۆی وانەی خوێندنی کتێبی پیرۆز. بیروڕای هەر ئەندامێك لە گروپەکە گرنگە. هەروەها نابێت هیچ کەسێك جیابکرێتەوە ئەگەر دەرکەوت کە ئەوەی وتوویەتی ڕاست نییە (لە لایەنی بیروباوەڕ یان لاهوتی). پێویستە لەسەر سەرۆکی گرووپەکە ئەندامانی گروپەکە هان بدات بۆ فێربوون بەیەکەوە لە ڕێگای دۆزینەوەی ڕاستییەکانی کتێبی پیرۆز و گفتوگۆکردنیان. پێویستە هەر ئەندامێك لە گرووپەکە وا هەست بکات کە ئەندامەکانیتر گوێی لێدەگرن کاتێك قسە دەکات و قسەکانی وەردەگرن. چونکە ئەندامانی گروپەکە پێشبڕکێ ناکەن لە نێوان خۆیان لە زانینی کتێبی. بەڵکو یەکتریان خۆشدەوێت و یەکتری هان دەدەن بۆ گەشەکردن و بەشداری کردن بە متمانەوە.

گرنگی شێوازی پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لەم خاڵانەدایە:

- شێوازێکە ئاسانە بۆ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، هەروەها فێرکردنی ئاسانە بۆ کەسانیتر.
- شێوازێکە بۆ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، هەموو کەسێك دەتوانێت بەکاری بهێنێت.
- شێوازێکە بۆ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، ڕێ دەداتە هەموو کەسێك لە ئەندامانی گروپی بچووك بەشداری بکەن لە گشت هەنگاوەکانی وانەی خوێندنەوەی کتێبی.
- ئەندامەکانی گروپەکە هەڵدەستن بەدۆزینەوەی ئەو وشانەی لێی تێدەگەیشتن پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانیان بزانن.
- ئەندامەکان هەڵدەستن بەپرسینەوەی هەندێ شت کە پەیوەندییەکی توندی هەیە بەژیانیان.
- گەورەترین ژمارە لە ئەندامەکان هاوبەشی دەکەن لە دۆزینەوەی وەڵام بۆ پرسیارەکان.
- ئەندامانی گروپەکە فێردەبن ڕاستی کتێبی ببەستنەوە بە ژیانی ڕۆژانەیان لە ڕێگای بیرکردنەوە لە چارەسەری گونجاو.
- ئەندامانی گروپەکە دەتوانن ڕێکخستنی کەسی ئەنجام بدەن لە ڕێگای هەڵبژاردنی ڕێکخستنێك لە ڕێکخستنەکان.
- ئەندامانی گروپەکە بە نزاوە وەڵامدانەوەی فێرکردنەکانی خودا دەکەن سەبارەت بە کتێبی پیرۆز.

هەنگاوی 1 : بخوێنە

با پێکەوە ________ (نیشانەی کتێبی) بخوێنینەوە. با بە ڕیز هەر کەسێك ئایەتێك بخوێنێتەوە تاوەکو تەواو دەبین لە خوێندنەوەی

هەنگاوی 2 : بدۆزە

بیرکەرەوە: ئەو ڕاستییە چییە کە پێت وایە گرنگە لەم برگەیەدا؟ ئەو ڕاستییە چییە کە چووە مێشك و دڵتەوە لەم برگە کتێبییەدا؟

بنووسە: یەك یان دوو ڕاستی بدۆزەوە کە لێیان بگەیت. بیریان لێبکەرەوە و پاشان بیرۆکەکانت لە پەڕاوەکەتدا بنووسە.

بەژداری کردن: (پاش ئەوەی ئەندامانی گرووپەکە هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن، بیرۆکەکانتان بەشدار بکەن). بەشداری ئەو شتانە بکەین کە هەریەکێك لە ئێمە دۆزیتیەوە. (ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکە سەبارەت بەو شتانەی کە دۆزیویانەتەوە. لە بیرت بێت لە هەر گروپێکی بچووك، ئەندامانی گرووپەکە بە شتی جیاواز بەژداری دەکەن، و گرنگ نییە هاوشێوەی یەکبن).

هەنگاوی 3 : هەندێ پرسیار بکە

بیرکەرەوە: ئەو پرسیارە چییە کە دەتەوێت ئاراستەی ئەم گروپەی بکەیت سەبارەت بەم برگە کتێبییە؟ با هەوڵ بدەین هەموو ئەو راستییانە تێبگەین کە لە __________ ئاماژەی پێکراوە و پرسیاری ئەو شتانە بکەین کە هێشتا لێی تێنەگەیشتووینە.

بنووسە: هەوڵ بدە بە روونترین شێوە پرسیارەکەت ئامادە بکەیت. پاشان لە پەڕاوەکەت تۆماریان بکە.

بەشداریکردن: پاش ئەوەی ئەندامانی گروپەکە هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن، داوا بکە لە هەر کەسێك پرسیارێك ئاراستە بکات).

گفتوگۆبکە: (دواتر هەندێ لەم پرسیارانە هەڵبژێرە و هەوڵ بدە لە رێگای گفتوگۆکردن لەگەڵ گرووپەکەت وەڵامیان بدەیتەوە).

ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن دەربارەی چەند پرسیارێك کە لەوانەیە ئەندامانی گرووپەکەت ئاراستەی بکەن و هەندێ تێبینی گرنگ بۆ بەرێوەبردنی گفتوگۆکە دەربارەی پرسیارەکان.

هەنگاوی 4 : ئەنجامبدە

بیربکەرەوە: کام لەو راستییانەی کە لە کتێبی پیرۆز هاتووە دەست دەدات وەکو کارێکی رەفتاری باوەڕداران؟

بەشداری کردن: وەرن با پێکەوە بیر بکەینەوە و ئەو رێکخستنانە بنووسین کە دەتوانین لە __________ دەربیهێنین؟

بیربکەرەوە: ئەو رێکخستنە پێشنیار کراوە چییە کە خودا لێتی داوا دەکات بیگۆڕیتە بە رێکخستنی کەسی؟

بنووسە: ئەم رێکخستنە کەسییە لە پەراوەکەت بنووسە. هەست بە سەربەخۆیی بکە لە بەشداری کردنی رێکخستنە کەسییەکەت کە خودا لە دڵتی داناوە. (لەبیرت بێت کە ئەندامانی هەر گروپێك راستی جیاواز رێکدەخەن: یاخود لە خودی راستییەکە رێکخستنی جیاواز دەردەهێنن. ئەمەی خوارەوە لیستەیەکە بە رێکخستنە پێشنیارە کراوەکان).

هەنگاوی 5 : نزا بکە.

با بە نۆرە نزا بەرزبکەینەوە بۆ خودا، هەر کەسێك بۆ راستییەك نزا بکات کە خودا لە رێگای __________ فێرمانی کرد.

(لە نزاکەت لەگەڵ ئەو شتە وەڵامدانەوەت هەبێت کە لە وانەی ئەم پەرتووکە فێری بوویت. مەشق بکەن لەسەر نزای کورت کە لە رستەیەك یاخود دوو رستە پێکبێت. لە بیرت بێت کە ئەندامانی هەر گروپێك دەتوانن بۆ شتی جیاواز نزا بکەن)